

## له ١٩٥٧ەوه سەرژمێری

# سەرژمێری نەخشەی ڕێگایە بـ

هاوڵاتی هاوکاری تەواوی حکومەت دەکات بۆ سەرخستنی سەرژمێری، چونکە ئەم پرۆسەیە بەپلەی یەکەم لەخزمەت و بەرژەوەندی ئەوەندایە

نەبوونی سەرژمێرییەکی ڕاست لەعێراق و کوردستان، کە دووربێت لەمەرامە تائیفی و ئیتەنی و بەرژەوەندیی پارتە دەسەڵاتدارەکانی شیعەو سونەوە، وای لەکوتلە سیاسییەکان کرد بە(بیتاقەی شەکروچا) هەڵبژاردن ڕێك بخەن، بیتاقەیەك لەزەمەنی گەماڕۆدا نەمردوو نەزیندووی تێدا بەتەواوی تۆمارنەکراوە، نەژمارەی ئەو هاوڵاتییانەی تێدا دەستنیشانکراوە کەڕوویان لەوڵاتانی دەوروبەرو هاندەران کردووە، لەدوای سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ەوە پرۆسەیەکی سەرژمێری ڕاست لەعێراق ئەنجام نەدراوە!،تەنانەت ئەوسەرژمێرییەش بووە سەرەتایەك بۆ فراوانکردنی هێرشی تەرحیل و هێنانی زیاتری خێڵە عەرەبییەکان و پێدانی سەدان دۆنم زەوی لەناوچەکانی کەرکوك و خانەقین و موسڵ، تاوەکو ڕووبەڕووی ئەو زانیاری و ژمارانە ببنەوە کەڕاستی ژمارەی کوردیان دەرخستبوو لەو ناوچانەدا، بگرە ئەو سەرژمێرییە لەکەرکوك کەلە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامەوە ئەنجامدرا سەرجەم فەرمانبەرە کوردەکان و بەبەڕێوەبەرەکەشی کەوتە بەر شاڵاوی دەرکردن و تەرحیل و بگرە کوشتنیش، لەسەرژمێری ١٩٦٧هەرچی پێشمەرگەو دانیشتووانی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستانە ( ڕووبەری ٦٠٪ ی هەرێمەکەی پێك دەهێنا ) ئەو ئامارەی دانیشتووان نەیگرتنەوە، له١٩٧٧ ئەوەی ئاوارەبوو چووە دەرەوە بە کوردە فەیلییەکانیشەوە کە دەربەدەر کران دوور بوون لەم سەرژمێرییەوە، بەمشێوەیە لەوڵاتێکی ناسەقامگیری و دژ بەمافەکانی گەلی کوردستان سەرژمێری ڕاست ئەنجام نەدراوە، لەکاتێکدا نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراوو ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان هەر ١٠ ساڵ جارێك هانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی سەرژمێری دەدەن، پرۆسەیەك کەبەشێوەیەکی زانستی و ڕاست و بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان ئەنجام بدرێت، پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال ڕەسول ڕاوێژکاری پێشکەوتوو لەوەزارەتی پلاندانان هەمان بیرو ڕای هەیە (سەرژمێرییەك هەموو ناوچەو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بێ جیاوازی لەخۆنەگرێت و بەشێوەیەکی زانستی بەڕێوەنەچێت پێی ناوترێت سەرژمێری)، گەر ئاماری دانیشتووان ئەم مەرج و پێوەرانەی شەفافییەت و زانستی لەخۆنەگرێت ئەو کات هاوڵاتییان هاوکاری و یارمەتی سەرکەوتنی پرۆسەکە نادەن . لە٩٠٪ی وڵاتانی جیهان سەرژمێری دانیشتووانی تێدا بەڕێوەدەچێت و، هاوڵاتی هاوکاری تەواوی حکومەت دەکات بۆ سەرخستنی ئەمجۆرە سەرژمێرییە، چونکە ئەم پرۆسەیە بەپلەی یەکەم لەخزمەت و بەرژەوەندی ئەوەندایە و دواتر بۆ پێشخستنی ئابووری و ڕێکخستنی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەکاردێت.

گرنگی سەرژمێری بۆ دانیشتووانی کوردستان و عێراق تەنیا بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکان و دیاریکردنی نەخشەی سیاسی نییە، بەڵکو بۆ چارەسەرکردنی دەیان کێشەو گرفتی سیاسی و ئابووری و دانانی پلان و ستراتیژییەتی بەڕێوەچوونی



## راست لە عێراق نەکراوە

# ـــۆدیاریکردنی چارەنووسی کورد

**نەبوونی سەرژمێرییەکی راست لەعێراق و کوردستان وای لەکوتلە سیاسییەکان کرد بە (بیتاقەی شەکروچا) هەڵبژاردن رێک بخەن**

کۆمەڵگاو وڵاتە، سەرژمێری بەواتای داتاو زانیاری راست و دروست بۆ دابەشبوونی بودجەو رێکخستنی خەرجی و داهاتەکان و دیاریکردنی ژمارەی گەنج و بێکاران و کەمئەندامان و بیروباوەڕی ئاینی و ئیتەنی و .. دەیان مەسەلەی تری پێویست، لەمێژوودا رۆمانییەکان خاوەنی ئاماری دانیشتووان بوون و بەدرێژایی شارستانی و قۆناغەکانی سەردەمی مرۆڤایەتی ئەم پرۆسەیە لەسەر ئاستێکی زۆر بەرز بەڕێوەچووە، گەر پرۆسەیەکی سەرژمێری دانیشتووان ئەوەندە گرنگ بێت، بۆچی لەعێراق هەرچارەو بەبیانوویەك دوادەخرێت؟، ئەمە لەکاتێکدا لەمێژووی دامەزرانی حکومەتی عێراقەوە جگە لەسەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ هیچ سەرژمێرییەکی راست و دروست ئەنجام نەدراوە، کەلەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بگونجێت و دوور بێت لەمەرامی سیاسی و بەرژەوەندی ئیتەنی و تایفییەوە. ئەو سەرژمێرییە نادروست و کەموکورتییانەش کە حکومەتی بەعس

پێش ١٢ ساڵ لەمەوبەر لەباشورو ناوەراستی عێراق ئەنجامی داوە هەرێمی کوردستانی نەگرتۆتەوەو بەخەمڵاندن و پشت بەستن بەئامارەکانی پێشوو ئاماژە بەدانیشتووانی سێ پارێزگا دراوە،سەرژمێرییەکەش مەبەستی سیاسی لەپشت بووە لەپێناو زیادکردنی دانیشتووانی عەرەبی عێراقی سوونە بەسەر عەربی شیعەو کورد ئەنجامدراوە، زۆرجار ناوی ئەوهاوڵاتییانەی تێدا تۆمارنەکراوە کە کۆچیان کردووە، یاخود شیعەو کورد بوون، تەنانەت لەگەماڕۆی ئابووری و تەشەنەکردنی هەژاری و برسێتی بۆ زیادکردنی بەشە خۆراکی مانگانە ناوی زیاتری هاوڵاتییان تۆمارکراوە، هەربۆیە ناتوانرێت بۆ زانینی ئامارو داتاو زانیارییەکان پشت بەهیچ ئامارێکی گشتی وەکو ئاماری دانیشتووانی (ئاژانسە مرۆییەکانی un- دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق) ببەسترێت.

دواخستنی ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتووان لەکاتێکدا ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەکۆی دەنگ رەزامەندی لەسەر بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیەی دابوو لە ٢٠٠٩/١٠/٢٤، هاوکات پشتگیری و پاڵپشتی سیستانی لەسەر بوو، هەردوو وەزارەتی پلاندانانی عێراق و کوردستانیش ئامادەیی جێبەجێکردنی سەرژمێرییەکەی دەربڕیبوو.کاتێك بێ پاساو پرۆسەکە دواخرا راستەوخۆ وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم کارەی بەپیلان و فشاری سیاسی وەسف کردو بەرپرسە پەیوەندارەکانی رایانگەیاند : هیچ پاساوێك لەپشت دواخستنی سەرژمێرییەکەوە نەبووە تەنیا مەرامی سیاسی نەبێت..)، لەگەڵ ئەم ئامادەکاری و توانایانە کەچی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ئەم بڕیارە یاساییەی پێشێلکردو پرۆسەی سەرژمێرییەکەی دواخست، لەپێناو زیادنەکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان و ساختەکاری لەهەڵبژاردنەکان و چارەسەرنەکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچەدابڕاوەکانی دیکەی کوردستان .

**لەگەمارۆی ئابووریدا مردووەکان ناویان دەمایەوەو زیندووەکانیش زیاتر دەکران لەپێنا وەرگرتنی بەشە خۆراکێکی زیاتر**

### دەیانەوێت قەبارەی راستەقینەی کورد لە عێراقدا دەرنەکەوێت

وڵاتێك ٥٠ ساڵ سەرژمێرییەکی راستی تێدا نەکرابێت، دەبێت چاوەڕێی چی لێبکرێت؟ ململانێ سیاسییەکان و دەستێوەردانی دەرەکی بارودۆخێکی وایان خوڵقاندووە، نزیکەی **٢٩,٦** ملیۆن کەس بێ سەرژمێری و زانیاری و داتا بن . پشت بەستن بەبیتاقەی شەکروچا ئامارو زانیاری راست و دروست نادات بەدەستەوە، تاوەکو لەپرۆسەیەکی واگرنگی هەڵبژاردن و دانانی پلانی ستراتیژی و پێشخستنی ئابووری پشتی بێ ببەسترێت، ئەمە لەکاتێکدا دەکرێت چارەنووسی هەرێمی کوردستان و دیاریکردنی مامەڵەو ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوەند لەڕێگای سەرژمێری دیاری بکرێت، بەوپێیەی سەرژمێری یاساو رێنمایی و پلانی ئابووری دەگۆڕێت و کێشەی کەرکوکیش بەو سەرژمێرییە دیاری دەکرێت، چونکە بەسەرژمێری دەزانین دیموگرافیا چەند گۆڕدراوە . ئەوانەی دەستیان هەبوو لەدواخستنی سەرژمێری هەرئەوانەن کەدەیانەوێت قسەی شۆڤینیانی عەرەب بەدرۆ نەخرێنەوەو قەبارەی راستەقینەی کورد لەعێراقدا دەرنەکەوێت، چەند گروپێکی شۆڤینیانی توندڕەوی تورکمانیش لەکەرکوك کەدوورن لەتێکەڵبوونی کلتووری و پێکەوەژیانی نێوان کوردو تورکمان ئەوانیش ڕێگرن لەبەردەم بەڕێوەچوونی پرۆسەی سەرژمێری دانیشتووان، کوتلە سیاسییەکانی عەرەبی سوننە و حکومەتەیەك لەدوای یەکەکان بەغدا دژ بەئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێریین، تاوەکو قەبارەی راستەقینەی کوردەکان و دانیشتووانی کوردستان دەرنەکەوێت، لەوڵاتێکدا لە٢٤٪ی دانیشتووانەکەی زمانی کوردی بەکار دەهێنن و زیاتر لە ١٧٪ی سەرجەم دانیشتووانی عێراق پێك دەهێنن. .

### پێویستە ئەو سەرژمێرییە بنەما زانستییەکانی تێدا بێت و بێلایەن بێت

**پرۆفیسۆر دکتۆر جەمال رەسول راوێژکاری پێشکەوتوو لەوەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان،** کەبەشداری هەموو وردەکاریی و ئامادەکارییەکانی وتووێژەکانی تایبەت بەسەرژمێری کردووە لەمبارەیەوە بەفایلی ئابووری گوڵانی راگەیاند:

هیچ پاساوێك بۆ دواخستنی سەرژمێری عێراق نەبوو، چونکە هەموو توانای دارایی و مرۆیی هەبوو کەبۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سەرژمێری پێویستە، لەوەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەکاری و راهێنانی کادیرو کارمەندانی تایبەت بەمبوارە کراوە، تەنانەت لەعێراقیشدا بەهەمانشێوە ئامادەکاریی هەبووە. سەبارەت بەوردەکارییەکانی ئەو سەرژمێرییەی کەبڕیارە لەسەرجەم عێراقدا لەساڵی داهاتوو ئەنجام بدرێت دکتۆر جەمال رەسول پێی وایە: بەیەك شێوەو لیستێکی هاوبەش بێ جیاوازی لەسەرانسەری عێراق و کوردستان سەرژمێرییەکە بەڕێوەدەچێت و، پێویستە ئەو سەرژمێرییەش بنەما زانستییەکانی تێدا بێت و بێلایەن بێت و هەموو چین و توێژو ناوچەکان بکرێتەوە بێ جیاوازی لە ئیتەنی و نەتەوەو ناوچەو ئاین و مەزهەب ..

### دواخستنی سەرژمێری پیلانی سیاسی لەپشت بووە

سەرژمێرییەکان لەئاکامی شوێنەواری جەنك و گەمارۆ ئابوورییەکان و رەگەزپەرستی نەتەوەییەوە شێوێنراوە، خەباتی کوردو قۆناغەکانی شۆڕشگێڕی بەبەردەوام دۆخێکی وای لێکەوتۆتەوە لەسەرژمێرییەکاندا ژمارەی راستەقینەو پێویستی کوردەکان و کەمە نەتەوەییەکانی تری دەرنەخستووە، لەکاتێکدا سەرژمێری دەبێتە ریفراندۆم لەرووی سیاسییەوە، بەتایبەت بۆ ناوچە دابڕاوەکان. کاتی ئەوەهاتووە حکومەتی هەرێمی کوردستان چیتر رازی نەبێت بەمانەوەی کێشەی سەرژمێری دانیشتووان بەهەڵپەسێردراوی، چونکە زیانێکی گەورەی بە چارەنووسی کوردستان و دیموکراتییەت و پێشخستنی ئابووری و بوژانەوەی هەرێمەکەو عێراقیشی لێکەوتۆتەوە .

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر وەسفی تاهیر سەرۆکی بەشی ئامار لەکۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری زانکۆی سەلاحەددین پێی وایە:**

( ئەنجامدانی سەرژمێری سوودی زۆری



بۆ گەلی کورد دەبوو، بەتایبەت ئەگەر پێش هەڵبژاردن ئەنجام بدرایە، چونکە ئەنجامدانی ئەو سەرژمێرییە لەدوای هەڵبژاردن دەبێت تا چوار ساڵی تر بەهەر ڕێژەیەك بێت ڕازی بین، بەڵام ئەگەر سەرژمێری ئەنجامدرایە ئەوا ئێمە قسەی خۆمان دەبێتء داوای شتی زیاترمان دەکرد، دواخستنی سەرژمێری پیلانی سیاسی لەپشت بووە، چونکە گەر بێتء سەرژمێری دانیشتوان پێش هەڵبژاردن ئەنجام بدرایە گەلی کورد سوودێکی زۆری لێ دەبینی، لەرووی ئابوورییەوە لەسەرژمێرییدا ڕێژەی ڕاستەقینەمان دەردەکەوێتء لەکێشەیەی نێوان وەزارەتی دارایی هەرێمء وەزارەتی دارایی عێراق ڕزگارمان دەبێت، چونکە ئەوان پێیان وایە کە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ١٣٪ کەمترەو ئێمەش دەڵێین لە ١٧٪ زیاترە، بۆیە ئەگەر ئەو سەرژمێرییە ئەنجام بدرێت ئەوا ئەم مەسەلەیە یەکلادەبێتەوە. لەراستیدا پسوولەی خۆراك هەرچەندە تەواویش بێت نابێت زۆر پشتی پی ببەسترێت بەتایبەت ئەگەر بکرێت سەرژمێرییەکی ڕاست ئەنجامبدرێت. ئەوان زیاتر محاصەصەی سیاسی خزمەتیان دەکات، چونکە بە کەیفی خۆیان ژمارە زیاد دەکەن کە زۆر دوورە لەرێژەی ڕاستەقینە، بۆیە ئەگەر سەرژمێری ئەنجامبدرێت هەموو لەیەك ڕێژەی خۆی بۆ بەدەردەکەوێت، بەراستی گەمە سیاسییەکان ڕۆڵیان زۆرە لەئەنجام نەدانی ئەم سەرژمێرییە.



## چۆن دەبینە خاوەن سەرژمێرییەکی پێشکەوتوو لە عێراق؟

خۆئامادەکردن و ڕێکخستنی بەرێوەچوونی پرۆسەی سەرژمێری گرنگییەکەی لەهەڵبژاردن کەمتر نییەو، لەسەر ئاستی جیهانی سەرژمێری چەندین کێشەی چارەسەرکردووە. سەرژمێری دانیشتووان لەعێراقدا چارەنووسی نەتەوەو وڵات و هەرێمێك دیاری دەکات، بۆیە پەیرەوکردنی ئەو پێوەرو ڕێنماییە زانستییانەی کەنەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی پێشکەوتوو پەیرەویان دەکات بۆ ئێمەی کورد گرنگە، سەرکەوتنی سەرژمێری پێویستی بەهاوکاری و یارمەتی هاوڵاتییانە، چونکە سەرجەم داتاو ئامارەکان بۆ پێشخستنی ئابووری لەو زانیارییانە دەست دەکەوێت کەلەهاوڵاتییان کۆ دەکرێنەوە، ژمارەی دانیشتووان و ڕێژەی نیشتەجێبووانی شارو گوندەکان و ژمارەکانی نێرو مێ و گەنج و پیرومندال و کەمئەندامان و خاوەن بڕوانامەو پسپۆرایەتی و ..هتدا، لەم روانگەیەوە ئەرکی حکومەتە پابەندی ڕاست و شەفافییەتی پرۆسەکە بێت و هاوڵاتییان لەوە دڵنیا بکاتەوە سەرژمێرییەکەو کۆکردنەوەی زانیاری و ئامارەکان وداتاکان لەخزمەتی ئەواندایە، بەپێچەوانەوە گەر هاوڵاتییان هەست بەوەبکەن ساختەکاری و مەبەستی سیاسی لەپشت پرۆسەکەوەیە زانیاری هەڵە دەدەن، نموونەی لەمشێوەیە زۆر بووە زۆرجار خێزانە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لەترسی ئازارو ئەشکەنجەدان و تەرحیل نەتەوەکەی خۆشیان بەراست نەوتووە .

لەلایەکی ترەوە پێویستە ئامارو داتاو سەرجەم زانیارییەکانی ناو پرۆسەی سەرژمێری و دەرئەنجامەکانی بەشێوەیەکی شەفاف دوور لەدەستێوەردانەوە بڵاوبکرێنەوە.

پرۆسەی سەرژمێری لەهەرێمی کوردستاندا رەنگە پتر لە ١٢٠ ملیۆن دۆلار تێچوونی بێت و ٢٠ هەزار فەرمانبەریش بەشداری پرۆسەکە بکەن، هاوکات فۆرمی پڕکردنەوەی زانیارییەکان چەندین بڕگەی تایبەت بەکۆچکردووان و ئاوارەو تەمەن و رەگەزو نەتەوەو ئاین لەخۆ بگرێت، بەشێوەیەك ئەو زانیارییانە بۆ داڕشتنەوەی پلان و ستراتیژییەت پشتی پێ ببەسترێت . کۆکردنەوەی زانیارییەکانیش لەرۆژێکدا ئەنجام دەدرێت بەڵام رێخستن و خۆئامادەکردن ٧٠٠ رۆژ دەخایەنێت و لەسەرجەم عێراقدا ٢٥٠ هەزار مامۆستاو فەرمانبەری پێویستەو بۆ ماوەی ١٢ رۆژ خولی راهێنان و مەشق پێکردنیان بۆ رێك دەخرێت .

**وەسفی تاهیر سەرۆکی بەشی ئامار پێی وایە:** ئەمە توانای زۆری ماددیء مرۆیی دەوێت، کەلە عێراقدا هەردووکیمان هەیەو هیچ کەموکوڕییەکمان لەمبارەیەوە نییە، بگرە لەرووی ماددییەوە توانایەکی زۆرباشمان هەیە، هەروەها کەسانی شارەزای زۆرمان هەیە لە هەردوو وەزارەتی پلاندانانی هەرێمء بەغداش. سەرژمێری دانیشتووان بریتیە لە بانکی زانیاری سەبارەت بە هەموو بوارەکانی ژیان لە عێراقدا کە دەکرێت بۆ هەر پلانێك یان پرۆژەیەك ئەم زانیاریء داتایانە سوودیان لی وەربگیرێت بۆیە پێویستە ئێمە خۆمان بەراورد بکەین لەگەڵ دەوڵەتانی تری پێشکەوتوو کە بزانین ئەوان چۆن سودیان لەم زانیاریانە وەرگرتوە لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا. شتێکی تر ئەوەیە کە ئێمە هەر پلانێکی ستراتیژی دابنێین پێویستمان بە چەند ستانداردو ئامارێك دەبێت بۆیە دەبێت سەرژمێرییەك ئەنجامبدرێت لەسەر ستانداردی نێودەوڵەتی تاکو هەرپلانێکی ستراتیژی لەسەر بنیات بنێین کە بەنیازین لە داهاتودا ئەنجامی بدەین. بە نەبوونی ئامارێك دەربارەی رێژەی دانیشتووان لەرووی ئابوورییەوە زۆر زەرەرمەند دەبین چونکە بەهۆیەوە دەزانین باری خەڵکی چۆنەو هێڵی هەژاریمان بۆ بەدەردەکەوێت هەروەها زۆر لایەنی تریش.

نەتەوەیەکگرتووەکان چەند پێوەرو زانیارییەکی دیاریکردووە کەبۆ سەرکەوتنی پرۆسەی سەرژمێری پێویستە، کەزۆرجار پەیوەندی بەواقیعی بارودۆخی ئابووری و توانا ماددییەکان و هونەرییەکانەوە هەیە، سەرەتا . پێویستە هەر ١٠ ساڵ جارێك سەرژمێری ئەنجام بدرێت، هەروەها زانستی ئامار گرنگترین پێوەرە کەنەتەوەیەکگرتووەکان تەئکیدی لەسەر دەکاتەوە، هەر لەدابەشبوونیان بەپێی شاروناوچەو هەرێمەکان، تاوەکو رەگەزو لەدایکبوون و مردووان وکۆچ و قەبارەی خێزان و دانیشتووانی بیانی ..

پێویستە بۆ پاڵپشتی و پێشخستنی سەرژمێری چاودێروشارەزایانی نەتەوەیەکگرتووەکان و بیانی بێنە عێراق و ڕۆڵیان لەراستی و دروستی بەرێوەچوونی پرۆسەکە هەبێت، لەئێستاوە سەرۆکی ژووری بەرێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن دەیەوێت هەموو دەسەڵاتەکان کۆنترۆڵ بکات لەژێر سەرپەرشتی خۆیاندا و بەشی کورد تەنیا چەند ئەندامێکی کوردلەسەرۆکی ئاماری کوردستان و شارەزایەك لەخۆ بگرێت و، پێیان وایە شارەزایانی بیانی تەنیا ڕێنمایی و هاوکارییان لەسەرە، بەڵام خۆیان لەو راستییانە نادەن کەسەرژمێری ئەمجارە زۆر لەکێشەوگرفتە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق یەکلادەکاتەوەو دەکرێت گەر پرۆسەکە بەراستی و دروستی بەرێوەچێت پشتی پێ ببەسترێت .

**سەرژمێرییەک هەموو ناوچەو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەخۆنەگرێت و، بەشێوەیەکی زانستی بەرێوەنەچێت پێی ناوترێت سەرژمێری**

**ئەرکی حکومەتە پابەندی ڕاست و شەفافییەتی پرۆسەکە بێت و هاوڵاتییان لەوە دڵنیا بکاتەوە سەرژمێرییەکەو کۆکردنەوەی زانیاری و ئامارەکان وداتاکان لەخزمەتی ئەواندایە، بەپێچەوانەوە گەر هاوڵاتییان هەست بەوەبکەن ساختەکاری و مەبەستی سیاسی لەپشت پرۆسەکەوەیە زانیاری هەڵە دەدەن**